# هەقیقەتی چوارینەکانی باباتاهیری هەمەدانی

هەیاس مەحموود کاکەیی

دەستپێکی مێژووی ئەدەبی کوردی وەک زۆر لە نووسەر و ئەدیبان و ڕۆژهەڵاتناسان ئاماژەی پێ دەکەن بە دەرکەوتنی باباتاهیری هەمەدانی و چوارینەکانی لە کۆتایی سەدەی چوارەمی کۆچی دەست پێ دەکات، واتە چوارینەکانی باباتاهیر سەرەتای دەست پێ کردنی مێژووی ئەدەبی کوردییە، بەڵام دەبێت ئەوە لە بیر نەکەین گەلان و کۆمەڵگاکان کە بیر و باوەڕی ئایینی لە نێویاندا دەکەوێتە کایەوە بێ دابونەریت و یاسا و ئەدەب نەبووە، بە تایبەت بیروباوەڕە ئایینییەکان و لە ڕێوڕەسمەکاندا، بە درێژایی مێژوو ئەگەر لەسەر تاشە بەردەکاندا نووسرابێتەوە، یان پیاوانی ئایینی لە سینە پاراستبێتیان و نەوە لە دوای نەوە مابێتەوە، یان هەر دەرکەوتنی کەسایەتییەکی ئایینی و لە سەردەمانێکی دواییندا تومار کرابێت لە دەفتەرە دەستنووسەکاندا پارێزرابێت، هەروەک دوعا و نزاکان و یاساکانی زەردەشت لە کاتی دەرکەوتنی، هەرچەند مەحەمەد ئەمین زەکی لە مێژووی کورد و کوردستاندا دەڵێت: لەسەر ئایینە کۆنەکانی پێشووی خۆی ئاڤێستای وەرگرتووەو دایڕشتووەتەوە، واتە بە درێژایی مێژوو ئەدەبی ئایینی بوونی هەبووە.

لە سەرەتای دەرکەوتنی ئایینی یارسان پاش داگیرکاری عەرەب و هاتنی ئایینی ئیسلام لە نیوەی سەدەی دووەمی کۆچی بە دەستپێکی بالوولی دانا و هاودەمانی بیروباوەڕ و ڕێوڕەسمەکان لە شێوەی شیعری دە برگەیی داڕێژراون، هەروەها ئەوانی پاش ئەویش هاتوون تا سەردەمی بابا خۆشین و باباتاهیری یار و هاودەمی و ئەوانی دیش کە لەگەڵیان بوون، باباتاهیر پێوەندییەکی زۆر بەهێزی لەگەڵ بابا خۆشیندا هەبووە، کە بە پیر و ڕابەری خۆی زانیوە وەک بەهروز مەلکشاه لە گۆڤاری لوڕ، ژ٢دا



**باباتاهیری هەمەدانی**

لا٣٥١دا دەڵێت: باباتاهیر خۆی بە دۆس و موریدی خۆشین زانیوە هەروەک لەم چوارینەیەدا دەڵێت:

**من ئەژ عیلم لودن سەرمایە دیرم**
**قەلایەکم کە ئەژ پایە دیرم**
**ئەگەر غەم بێ خوراک شەوم و رۆژم**
**مە دۆس خۆشین سەر مایە دیرم**

واتە: ئەو بووەتە خاوەن سەرمایەی زانست و مەعریفەت و لە پلەیەکی پایەبەرزدایە لە بیروباوەڕ، هەرچەندە لە ژێر باری غەمی نەداریدایە، بەڵام خۆی بە دۆست و موریدی بابا خۆشین دەزانێت، هەروەک لە چوارینەیەکی تردا سۆزی خۆی دەردەبڕێت لە دووری و دابڕان لە بابا خۆشین دەڵێت:

**نیگاە شا خۆشین ئیعجاز دیری**
**دەرون سینەش سەد ڕاز دیری**
**مەشو تاهیر جودا ئەز دامن ئەو**
**کە ئەو سوی خودا پەرواز دیری**

ئەمانە دەیسەلمێنن کە باباتاهیر لەو سەردەمەدا چ پێوەندییەکی لەگەڵ باباخۆشیندا هەبووە.

چوارینەکانی باباتاهیر لەسەر زەمانی خۆی و پاش خویشی هەواداران و دەروێشان لە سەرتاپای ئێران و کوردستان، بە تایبەت لە نێو یارساندا پارێزراوە، چ لە سینەیاندا بێت، یان لێرەو لەوێ نووسرابێتەوە، بەو شێوەیە ماوەتەوە تا ئەو دەمەی وەحید بۆ یەکەم جار دەستگردی هەوڵ و کۆششێکی زۆری لە کۆکردنەوی و بە چاپ گەیاندنی کردووە، هەڵبەتە هەر هەوڵێکی ئاوا بێ کەموکورتی نابێت، چونکە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر لە پانتایی ئێران و کوردستان و لە کەسێکەوە بۆ کەسیکی تر و لە دەستنووسێکەوە بۆ دەستنووسێکی تر کەم و زۆر کەموکورتی تێدەکەوێت.

پاش گەڕان و پشکنین و بە دواداچوون دوو کتێبی (ڤیدیۆ چاپ)م دەست کەوت بە ناوی (دوو بەیتەهای باباتاهیر، خەتی نەستەعلیق مەحەمەد مەهدی پوور مۆسسەی توبا، چ١، پاییزی ١٣٨٢ فارسی و دیوان کامل باباتاهیر، انتشارات ڕەجەوی ناسر خەسرەوی، چ٢، ساڵی ١٣٨٤ فارسی) لەگەڵ دەفتەرێکی دەستنووس نێو یارسان و لە ئەنجامی بەراوردکردن دەرکەوت جیاوازی زۆر هەیە و دەفتەری دەستنووسەکەم کردە بناغە، چونکە یارسانیان چوارینەکانی باباتاهیر دەپارێزن، بەهۆی پیرۆزی ئایینی لە لایان ناشێت دەستکاری بکرێت.

وا لە خوارەوە چەند نموونەیەکی بەراوردی هەندێک لە چوارینەکان دەخەمە ڕوو بۆ زانین:

**١) یەکی بەر زیکری نالون دەر ئین دەشت**
**دڵزار لا٨٨: وەرزیرێ لە ئەم دەشتە ئەیناڵاند**
**بە چەشم خون فشان ئالالە میگەشت**
**بە چاوی خونبار هەڵاڵەی ئەچاند**
**هەمی گەشت و هەمی گوفت ئەی دریخا**
**هەر ئەیوەشان و ئەیوت دریخا**
**کە بایەد کوشتن و هیشتن دەر ئین دەشت**
**ئەبێ لەم دەشتە چاندن و بەجێمان**

**بەرزی گورگ نالان دەر ئین دەشت**
**بە خون دیدەکان ئالالە میگەشت**
**هەمی گەشت و هەمی گوفت ئەی دریخا**
**بیایەد گەشت و دەشت و ڕەفت دەر ئین دەشت**

جگە لە سەرچاوەکانی بەر دەست لە تاریخ ئەدەبیات - چ.براون لە لا ١٠٩ بە هەمان شێوە هاتووە، واتە پشتڕاست کردنەوەیە، جیا لەوەی وەحید دەستگردی و عەباس ڕەجەوی، یان هی تر.

باباتاهیر لەم چوارینەیەدا سۆفییانە بیر دەکاتەوە، لە

ژیان و لە ڕێگای خواناسیدا کۆشش دەکات و ئەو ڕێگایەش ڕەنجی دەوێ و لەخۆبوردەیی و دەست هەڵگرتن لە ئارەزووەکانی دەروونی دەوێ، مرۆڤ چاکە بچێنێ و بە جێی بهێڵێت، چاوی لە پاداشت نەبێ، چونکە خەزنەی یادەوەرییە لە ژیاندا و تاکە ڕێگایە بۆ دەرباز بوون لە ڕۆژی حیسابدا.

**٢)**

**بوود دەرد مو دەرمونم ئەز دۆست**

دڵزار لەلا ٨٩دا:

**لە یارەوەیە دەرد و دەرمانم**

**بوود وەسل مو هیجروونم ئەز دۆست**

**لە یارەوەیە وەسڵ و هیجرانم**

**ئەگەر قەسابم ئەز تەن واکرە پوست**

**قەساب گەر پێستم لە بەر داماڵێ**

**جودا هەرگز نەکردە جوونم ئەز دۆست**

**جیا ناکاتەوە لە یارم گیانم**

**سەرچاوەکان:**

**بوود دەرد مو دەرمانم ئەز دۆست**

**بوود وەسل مو هیجرانم ئەز دۆست**

**ئەگەر قەسابم ئەز تەن واکرە پۆست**

**جودا هەرگز نەکردەد جانم ئەز دۆست**

باباتاهیر لەم چوارینەیەدا پەیمان نوێ دەکاتەوە کە دەڵێت: دەرمانی دەردی من لە لای یارە، دەربازیم لەم دووری و تەنیاییە بە دەست یارە، ئەگەر قەساب پێستم لە لەش جیا کاتەوە، هەرگیز جیا نابمەوە لەو یارە. جیاوازیەکان تەنیا لە وشە و فۆنۆتێکەوە کراوەتە سەر زمانی فارسی و لە مانا و بۆچووندا هەمان شتە.

**٢) سەرچاوەکان:**

**تو کە زونی بەمو چارە بیاموز**

**تەکە میشی بەمو چارە بیامووچ**

**کە ئین تیر شەوان ڕاکە کەرم ڕۆز**

**کە ئین تاریک شەوان چون کەرم ڕۆچ**

**گەهی واژم کە کەی بی ڕۆژ وابی**

**گەهی واچم کەکەی ئین ڕۆچ ئایو**

**گەهی واژم کە هەرگز وا نەبی ڕۆژ**

**گەهی واچم کە هەرکز وانەبی ڕۆچ**

ڕازی لە لا٣٦دا:

**تۆ کە زانا و حەکیمی من بکە چار**

**شەووڕۆژ نییە ئارامم بە ئازار**

**دەمێ دەڵێم کەی ڕۆژ دەبێتەوە**

**دەمی دەڵێم کۆتایی نەیەت شەوگار**

وا پێ دەچێت باباتاهیر لە خەودا یاری دیبێت و لەگەڵی دوابێت کە دەڵێت: چارەیەکی بکات تا بکەوێتە باری ئارامی، بۆیە هەندێ جار دەڵێت: کەی ڕۆژ دەبێتەوە و هەندێ جاریش لە خۆشی یار دەڵێت خۆزگە ڕۆژ نەبێتەوە، بەڵام خوزگە و چارەی باباتاهیر بە دیتنی بیار دێتەدی.

لە دەستخەتەکەدا ڕوخساری هەورامی (ماچۆ) بە ئاشکرا دیارە (واچم، باچم، باچە، واتە بڵێم، بڵێین، بڵێ. ڕۆچ، ڕۆچە واتە، ڕۆژ، ڕۆژی)

**٣) سەرچاوەکان:**

**ئیلاهی گەردن گەردوون شو خورد**

**ئیلاهی گەردن گەردوون شو خورد**

**کە فەرزەند جیهان جوملە کی بورد**

**کە فەرزەندان ئادەم هەمە بورد**

**یەکی نایە فلانی زیندە وا بی**

**یەکی ناکەی کە زیندە شود فلانی**

**هەمی گویەند فلان بن فلان مورد**

**هەمی گویەند فلان ئیبن فلان مورد**

دڵزار لەلا ٣٧دا:

**خودایە گەردەنی گەردوون ببێ ورد**

**کە ڕۆڵانی جیهانی جەملەکی برد**

**یەکێ نەیوت فلان وا زیندە بووەوە**

**ئەڵێن گشتیان فلان کوڕە فلان مرد**

باباتاهیر دوعا لە گەردوون دەکات کە بە مردن منداڵانی دنیا لە ژێر خاک دەشارێتەوە و کەسیش گەڕانەوەی نییە، لەلایەکی کەشەوە بابا هۆشداری دەدات کە مردن هەیە و فرمانێکی گەردوونییە.

**٤) سەرچاوەکان:**

**دلا دەنگم دلا دەنگم دلا دەنگ**

**دلم دیوانە بود دیوانە دەر نەنگی**

**زە دەستم شیشە ناموس بە سەنگ**

**زەدە ئاینە هەر نام بە سەنگی**

**هەمە واژن بەمو بێ نام و نەنگی**

**بامو کونەد دایم بێ نام و نەنگی**

**کەسی عاشق چش نام و چش نەنگ**
**کەسی عاشق ئەست چ نام چ نەنگی**

ئەحمەد تاقانە لەلا ٤٠دا:

**دڵو دەنگم دڵو دەنگم دڵو دەنگ**
**کە شووشەی ئابڕووم کێشایە سەنگ**
**هەموو ئیژن بە من بێ ناو و نەنگی**
**کەسی ئەڤیندار دەبێ چش ناو و چش نەنگ**

باباتاهیر لەگەڵ دڵ گفتوگۆ دەکات کە لە ئەویندارى یارى نادیار ناوى زڕاوە کە دڵ تووشى ئەو بارەى کردووە نارەزایى دەردەبڕێت، کەچى لەلایەکى تریشەوە دڵى خۆى دەداتەوە کە دەڵێت ئەوى عاشق بێت چ باکى لە ناو زڕاندن هەیە.

**٥) سەرچاوەکان:**

**ئیلاهی واکیاشم واکیاشم**
**خودا ڕا با کە واشم باکە واشم**
**مو کە بێ دەست و پایم واکیاشم**
**تۆ دانی حاجەت باکەواشم**
**هەمە ئەز دەر برونەند ئەتو ئایم**
**گەرم ئەز دەردم برانەندواتو ئاشیم**
**تو گەر ئەز دەر برونە واکیاشم**
**تو هەر ئەز برانی باکە واشم**

واتە:

**خودایە ڕوو لە کێ بکەم ڕوو لە کێ بکەم**
**تۆ دەزانی پێویستە من ڕوو لە کێ بکەم**
**ئەگەر تۆ ڕەحمێ بکەی ڕوو لە تۆ دەکەم**
**وە ئەگەر تۆ دەرم بکەی ڕوو لە کێ بکەم**

باباتاهیر لە خواوەند دەپاڕێتەوە، لەو بارە پەرێشانەى ڕزگارى بێت کە لە دوورى یاردا بەسەرى هاتووە و دەڵێت تۆ خۆت دەزانى پێویستى من چییە ڕوو لە کێ بکەم، ئەگەر تۆش دەرم بکەى ڕوو لە کێ بکەم.

**سەرچاوەکان:**


١-گۆڤارى لوڕ، ژ٢.
٢-مێژووى کورد و کوردستان مەحەمەد ئەمین زەکى.
٣-کلیات باباتاهیر، کتاب فروشى ڕەجەوى، تەهران، ناسر خەسرەوى، ١٣٨٤ فارسى.
٤- دوو بەیتەهاى باباتاهیر عوریان، دەستنووس، مەحەمەد مەهدى مەنسور، مۆسسەى توبا، قوم، ١٣٨٢ فارسی.
٥- دەفتەرى دەستنووس یارسان چوارینەکانى باباتاهیر
٦-چوارینەکانى باباتاهیر، هەیاس کاکەیى، ٢٠١٠ز هەولێر.
٧- تاریخ ئەدەبیات، چ. براون.


**دۆزینەوەى چوارینەى نوێى باباتاهیرى هەمەدانى**

هەڵبەتە بە گەڕان و پشکنین و لێکۆڵینەوە لە پانتایى ئێران و کوردستان بە دواى چوارینەکانى باباتاهیردا و دەربارەى باباتاهیر خودى خۆى شتى نوێ دەست دەکەوێت کە ماوەى زیاتر لە هەزار ساڵە بە شاراوەیى ماوەتەوە و گرنگى تایبەتى خۆى دەربارەى کەسایەتى باباتاهیر هەیە، ئەو شاعیرەى مەشخەڵى مێژووى دەستپێکى ئەدەبى کوردى بەرزکردووەتەوە.

لە ئەنجامى پشکنین و گەڕان بەدواى بەرهەمى باباتاهیر و چوارینەکانیدا چەند چوارینەیەکى نوێم دۆزییەوە لە دووتوێى ئەو کتێب و دەستنووسانەى لە بەردەستدان کە لە چاپەمەنییەکانى پێشوودا نین، وەک ئەوەى وەحید دەستگردى و عەباس ڕەجەوى، هەرچەندە د. مارف خەزنەدار چەند دانەیەکى دەستنیشان کردبوو لە کتێبى مێژووى ئەدەبى کوردى لە بەرگى یەکەمدا ناوونیشانى چوارینە دۆزراوەکان، من هەندێکى دیکەم خستە سەریان و لە کتێبى چوارینەکانى باباتاهیر کە لە ساڵى ٢٠١٠ ز لە هەولێر چاپم کردن، بەڵام پاشان لە بەراوردکردنى دوو کتێبى (ڤیدیۆ چاپ) بە ناوى (کلیات باباتاهیر -کتاب فروشى ڕەجەبى - تەهران، ناسر خەسرەوى، ساڵى لە چاپدانى ١٣٨٤ فارسى، هەروەها (دوو بەیتهاى باباتاهیر عوریان بە دەستنووس (مەحەمەد مەهدى مەنسوور) مۆسسەى توبا مرکز پەخش قوم، ساڵى لە چاپدانى ١٣٨٢فارسى، هەروەها لە دەستنووسێکى چوارینەکانى باباتاهیر بۆم دەرکەوت ئەم چوارینانە نوێن و هەندێک لەو چوارینانە دەخەینە ڕوو لەگەڵ لێکدانەوە و ڕاڤەکردنیان، ئومێدەوارم جێى ڕەزامەندى خوێنەر بێت.

**١) نیگاه شا خۆشین ئیعجاز دیری**
**نیگاى شا خۆشین موعجیزەیە**
**دەروون سینەش سەد ڕاز دیری**

**لە سینەیدا سەد ڕازی هەیە**
**مەشو تاهیر جودا ئەز دامن ئەو**
**نەکەی تاهیر لێی جیابیتەوە**
**کە ئەو سوی خودا پەرواز دیری**
**کە ئەو لای خودا پایەی هەیە**

واتە: باباتاهیر لەم چوارینەیەدا باس لە باباخۆشین دەکات کە پلەوپایەیەکی بەرزی لای خواوەند هەیە وەک زاتێکی ئایینی و باباتاهیر خۆی بە یار و یاوەر و هاودەمی دەزانێ، بە پەرۆشە بۆ دیتنی ئەو، بۆیە دەڵێت: ئەگەر ئەو ئاوڕێکمان لێ بداتەوە و ڕەحمێک بنوێنێ، ئەوە پاداشتێکی گەورەیە بۆ من، چونکە ئەو ئاوڕدانەوەی ئەو سەد ڕاز و نیازی تێدایە بۆ باباتاهیر کە وای لێ دەکات لەو جۆشوخرۆشیە دڵی ئارام بێت، هەر خویشی دڵی خۆی دەداتەوە و دەڵێت بە دڵ نەکەی لاواز بیت لە ئەوینی یار ئەی دڵ، چونکە یاری من پلە و پایەی بەرزی هەیە.

**٢) مە ئەز عیلم لودن سەرمایە دیرم**
**من سەرمایەی زانستیم هەیە**
**قەلائیکم کە ئەژ کە پایە دیرم**
**قەلایەکم کە پلە و پایەم هەیە**
**ئەگەر غەم بی خوراک شەوم و ڕۆژم**
**غەمی بێ خۆراکی شەو و ڕۆژم**
**مە دۆسی چی خۆشین هەمسایە دیرم**
**دوستی خۆشینم و هاوسێتیم هەیە**

واتە: لەم چوارینەیەدا باباتاهیر لە دنیای ئەوین و عشقی ئایینی و یارەکەی، ستایشی خۆی دەکات کە ئەو لەو بوارەدا گەیشتووەتە ئاستێکی زانستی بەرز، خۆی بە قەلایەکی بەرز دەشوبهێنێ، ئەوجا ئەگەر لەم دنیایەدا هیچی نەبێ و غەمیش بەرۆکی بەر نەدات شەووڕۆژ ئەو هەر شەیدای ئەوینی بابا خۆشینە و یار و یاوەر و هادەمی ئەو دەبێت.

**٣) مە دەرویشم لەکم ئیعجاز دیرم**
**من دەروێشێکی (لەکم) پەیامم هەیە**
**مە دۆسی چوون خۆشین دەمساز دیرم**
**من دۆستی خوشێنم هاودەنگیم هەیە**
**مە مەعشووقی وەنام فاتمە لوڕە**
**مەعشووقی یەکێکم ناوی فاتمە لوڕەیە**
**سنەوبەر قامەت و پڕ ناز دیرم**
**باڵای سنەوبەر و پڕ نازم هەیە**

واتە: لەم چوارینەیەدا باباتاهیر وەسفی خۆی دەکات وەک دەروێشێکی ئایینی (لە خێڵی لەک و لوڕە) کە خولیای عیشق و ڕێگای هەقیقەتە، لەو ڕێچکەیە کە بووەتە یار و دۆستی باباخوشێن و لەگەڵ ڕێبازی ئەو ڕێک بووەتەوە، هەر وا باسی پێوەندی خۆی لەگەڵ فاتمە لوڕە دەکات کە خوشکی ئایینیەتی (یاری) لە ڕێگای ئەوینی دنیای دینداریدا پێکەوەن کە بووەتە مەعشووقەی (یاری ئایینی) و باسی قەد و باڵای دەکات کە ئەمە دەچێتە باری مەجازیەوە و خوشکی ئایینی لە یارساندا وەک خوشکی داک و باب وایە.

**٤) دەمم قولف مەجال گفتوگۆ نی**
**دەمم داخستووە و بواری گفتوگۆم نییە**
**خوشین بەر ئاب شود یادی ئەز ئەو نی**
**خۆشین بە ئاودا چووە خەبەرێکی نییە**
**کتاو (ئەرزو) گوم بیە تاهیر**
**کتێبی ئارەزووم بزر بووە تاهیر**
**نیشان ئەز ڕەد پای (ئەرزو)نی**
**نیشانەیەک بۆ گەڕانەوەی ئارەزوو نییە**

واتە: باباتاهیر لەم چوارینەیەدا باسی دڵگرانی خۆی دەکات لە ڕۆیشتنی یار (مەعشووقە) کە باباخۆشێنە و نەگەڕاوەتەوە، هەندێک وای بۆ دەچن کە لە ئاوی گاماسب خنکاوە و نەگەڕاوەتەوە، لای یارانی ئەهلی هەق دەڵێن خۆی نقوم داوە و (دۆنی) گۆڕیوە، ئەو نەمردووە و نەخنکاوە، بەڵکو جارێکی تر دەگەڕێتەوە و ئایین و ڕێبازەکەی نوێ دەکاتەوە، بۆیە باباتاهیر دەڵێت ناتوانم قسە و گفتوگۆ بکەم، کە بابا خۆشین لە ئاو نقوم بووە و هیچ سۆراخیکی نییە، من دڵ گرانم و لە نەمانی ئەودا ئارەزووی هیچم نەماوە، هەر وا دەڵێت نیشانەی گەڕانەوەی دیار نییە بۆمان.

**٥) مە تاهیر ساکن پای گرینم**
**من تاهیر لە ناخەوە پڕ گرینم**
**مە دەرویش مەسلەک ئاگر دیرینم**
**من دەروێش شەیدای کولتووری دێرینم**
**بوری دەر باغ خوام لەحزەی چەند**
**وەرە دەرکەوە دەمەوێ چەند ساتێک**
**کە شایەد وەقت خوا و ڕووی تۆ بینم**
**بۆ ئەو وەختەی خوا و ڕووی تۆ ببینم**

واتە: باباتاهیر غەمباری خۆی پیشان دەدات دەربارەی لە دەستدانی کولتووری دێرینی، بۆیە دەڵێت من هەمیشە لە ناخەوە وەک دەروێشێکی شەیدای کولتووری دێرین دەگریم، هاوار دەکات بۆ یار (مەعشوقە) کە بابا خۆشێنە و دەڵێت دەرکەوە لە گوڵستانی خودای من بۆ ئەو کاتەی خوا و ڕووی تۆ ببینم.

**٥) گلارەم دڵ سیە پوش فیراقت**

**لە دووریت چاوان و دڵم ڕەش پۆش بووە**

**تەنم خەفەتی دەر ئاغوش فیراقت**

**لە دووریت خەفەتم گرتووەتە باوەش**

**مە تاهیر ئەژ هەوای نەفس عوریان**

**من تاهیرم بە ئارەزووی دەروون ڕووتم**

**وجودم بی بلا نوش فیراقت**

**بوونم بێ بەڵا نەبووە لە دووریت**

واتە: لێرەشدا باباتاهیر باری شڵەژاوی خۆی دەخاتە ڕووی یار لە دووریدا، کە لە دووری ئەو گلارای چاو و دڵی ڕەش هەڵگەڕاوە، لە دووری ئەو غەم و خەفەتی زۆری خواردووە، لە دنیای دەروێشیدا تاهیر بە ئارەزوو گرتوویەتییە بەر و هیچی ناوێ و دەستی لە خۆشی و ئارەزووەکانی دەروون هەڵگرتووە بۆ ئەوەی تەنیا ڕووی یار ببینێ، واتە یەکبوون ڕوو بدات و شاد بێتەوە کە هەموو ئامانجەکانیەتی لە دنیادا.

**٧) گەر ماه نەوی دەر زیر ئەبر تاکەی**

**ئەگەر مانگ نیت لە ژێر هەور تاکەی**

**گەر موسڵمانی بە دین کەبر تاکەی**

**ئەگەر موسڵمانی بێ دینیت تاکەی**

**گەر مەیدانی عاشق کوشتەنی ئەست**

**ئەگەر دنیای عاشق کوشتنە**

**بکوش بێ مروەت سەبر تاکەی**

**بکوژە بێ مروەت سەبر تاکەی**

واتە: باباتاهیر لەگەڵ یار (مەعشوقە) کە بابا خۆشینە دەدوێ کە زۆر بە پەرۆشە بۆ دیتنی، بۆیە بە مانگ دەیشوبهێنێ لە ژێر هەوردا، ناڕەزایی دەردەبڕێت کە دەڵێت: ئەم بێ دینی و بێ موبالایە تاکەی، کە من لە دنیای عیشقی تۆدا وێڵ و سەرگەردان بووم، ئەگەر دنیای عیشق جەور و عەزاب و کوشتنە بکوژە سەبری من تاکەی لە چاوەڕوانیدا.

٨)

**دڵ بیا ئاشنایی مەکون**

**دڵە وەرە ئاشنایی مەکە**

**ئەگەر کونی بێ وەفایی مەکون**

**ئەگەر ئەکەی بێ وەفایی مەکە**

**با هەر کە لاف مەحەبەت زەدی**

**بە هەرکێ لافی موحەبەتت لێ دا**

**تا قیامەت ئەز ئەو جودایی مەکون**

**تا قیامەت لەو جیایی مەکە**

لەم چوارینەیەدا باباتاهیر بە نەرمی یار (مەعشووقە) لەگەڵ دڵی خۆیدا دەدوێنێ کە دەڵێت:ئەی دڵ وەرە ئاشنایی و موحەبەت مەکە، ئەگەر دەیکەی بێ وەفایی مەکە، بە هەر کێ لافی موحەبەتت لێ دا تا ڕۆژی قیامەت لەگەڵی جیانەبیتەوە، ئەمەش بەرزترین دەربڕینی لوتکەی عیشق و موحەبەتە بەرانبەر یار لە دنیای سۆفیگەریدا کە بەو شێوەیە دەریدەبڕێت.